www.kurdistannet.org

27-11-2006 7:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سمکۆ یەزدان پەنا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئازادی کوردستان ئێمە لە پێناوادامەزراندنی کۆمارێکی کوردستان و نەهێشتنی بیری ئێرانچێتی دامەزراوین ... هەڤپەیڤین: تامان شاکر




پ1 لەرێکخراوی یەکێتی شۆرشگێرانەوە بۆ پارتی ئازادی کوردستان ودامەزراندنەوەی کۆمارێکی نوێی کوردستان، کەچی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان باس لە خود مەختاری و فیدرالیزم دەکەن، دەکرێ ئەو بیرۆکەیە ببێتە کۆکردنەوەی هێزێکی جەماوەری گەورە لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دەوری پارتی ئازادیدا، ئەمرۆ تەواوی بەشەکانی کوردستان و زۆرینەی کورد خوازیاری دەولەتی کوردین؟

کوردستان نیشتمانی کوردەوە و پتر لە پێنج سەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە 40 ملیۆن کەس دەدات، لە رۆژهەلاتی ناوەراست لە دوای عەرەب لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە یەکەم نەتەوەیە، لە باری سروشتیەوە لە هەموو نەتەوەکان دەولەمەندترە، ئاوی کوردستان بەداخەوە تینوویەتی عەرەب و فارس و ترک دەشکێنێ

زۆرینەی ئاوی رۆژهەلاتی ناوەراستی هەیە، ئەگەر کورد ببێتە دەولەت، کوردستان ببێتە ولاتێکی پیشەسازی بێ هیچ گومانێك دەچێتە ریزی زل ئیکۆنۆمەکانی جیهانەوە.

رێبەری شەهیدمان کاك سەعیدی یەزدان پەنا و هەڤالانی تێکۆشەری باش هەستیان بەو بۆشایە گەورەییە کردبوو کە لە گۆرەپانی خەبات دایە، واتە نەبوونی پارتێکی سیاسی تەواو کوردستانی کە ئامانجی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەولەتی کوردی بێت.

هەر بۆیە لە بەهاری سالی 1991 وە رێکخراوی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستانیان دامەزراندو بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزەو نەهێشتنی بیری ئێرانچییەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان. هاتنە مەیدانی خەبات بۆ رزگاری کوردستان، ئێستاش بە ناوی پارتی ئازادی کوردستان درێژەدەری هەمان بیرین و بە خۆشیەوە بیری کوردستانی بوون بۆتە بیری تاکە تاکی نەتەوەی کوردە لە هەر تاکێکی کورد بپرسی چیت دەوێ؟ دەلێ دەولەتی کوردی.

یەکێك لە بەندەکانی مانیفیستی پارتی ئازادی کوردستان pak. دەلێ: پارتی ئازادی کوردستان رامالینی سەرلەبەری هێزو دامودەزگای دەولەتی داگیرکەری ئێران لە کوردستان و وەدیهێنانی سەروەری نەتەوەیی و راگەیاندنی کۆماری کوردستان داگرتنی ئالای داگیرکەرو هەلکردنی ئالای کوردستانە لە هەموو خاکی رۆژهەلاتی کوردستان بە ئەرکی سەرەکی خۆی دادەنێ، سرینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی شێواندنی ناسنامەو کەلتوورو کەسایەتی تاکی کورد لە ئەرکە بە پەلەکانی پارتی ئازادی کوردستانە، هەرێگایەکی دیکە وەك سیستەمی فیدرالی، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد تەنیا دەتوانێ کاتی بێت و بۆ قۆناخێك بێت لە بەر پارسەنگی هێز رەچاو بکرێت.

پ2/ بوونی هێزێکی وەك ئەمریکا لە عێراق بووە هۆی رزگارکردنی گەلانی عێراق

دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەمەریکا پەیوەندی هەیە بە حیزبە کوردییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، ئایا ئەمەریکا هیچ پرۆژەیەکی هەیە بۆ حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان؟

ڕاستە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی توانیان لە دوو قۆناغدا حکومەتی سەدام بە تەواوی لەناو بەرن، قۆناغی یەکەم لە ساڵی 1991 دا بوو کە بووە هۆی فەلەج بوونی ڕژێمی سەدام و ڕزگار بوونی باشووری نیشتمان، قۆناغی دووەم لە ساڵی 2003 وە دەستی پێکرد و دەرئەنجام دیکتاتۆری عێراق و داگیرکەری باشووری کوردستان بە تەواوی ڕووخا و سەدام و کاربەدەستانی حکومەتەکەی دەستگیرکران، بەڵام ئەگەر ئیرادەی گەلی کوردستان و ڕۆڵی حیزبە سیاسیەکانی باشووری کوردستان نەبوایە، ئەوا ئەو بەشەی کوردستانیش وا بەئاسانی نەدەکەوتە دەست ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد.
سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ئەوەی کە دەیبینین سیاسەتی ئەمریکا وا دەنوێنێ نەك بۆ کێشەی ئێران بەڵکو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پرۆژەی هەیە وە ئەو پرۆژەیەش بە بۆچوونی من دەمێکە دەستی پێکردووەو، لێرەدا بۆ ئێمەی کورد وپارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرنگە پرۆژەمان چییە؟ ڕاستە ئەمریکا دەتوانێ دۆستێکی باش بێت بۆ کورد، بەڵام بە مەرجێك پارتە سیاسیەکانی کوردستان پرۆژەیەکی نەتەوەییان هەبێت، ئێمەپێمان وایە درەنگ یان زوو جوگرافیایی ئێران، کە نەتەوە خاکێك بەزۆر پێیەوە لکێندراوە لەو فۆرمەی ئەمرۆدا هەڵدەوەشێتەوە، دەبێت پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و بەرنامەیەکی گونجاومان هەبێت، ئەوکاتە بەباشی دەکرێ سوود لە بوونی ئەمریکا وەربگیرێت ئەمە بەرژەوەندی هەردوو لامانی تێدایە پارتی ئازادی کوردستان مانیفیستی چرو پڕی ئامادەکردووە بۆ ئازادی و پاراستنی ئازادی.
پ3 پشتیوان و هێزی هەموو شورشێك گەلە، زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور کارو چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن، ئێوە وەك پارتی ئازادی کوردستان دەنگی پارت و شۆڕشەکەتان لە ناوەوە چۆنە؟

ئایدۆلۆژیای مارکسیزم لینینیزم دەوری یەکجار خراپی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بینیوە، بە چەشنێك کە باس کردن لە کێشەی نەتەوایەتیەکان و پرسی نەتەوەیی بە کۆنە پەرستی و دواکەوتووی ئەهاتە ئەژماردن هەربۆیە کلتووری خۆ بە ئێرانی زانین لە ناو چەپ و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەکانی سەدەی ڕابردوودا ببووە باو بە خۆشیەوە ئێستا وا نەماوە خەباتی پارتی ئازادی کوردستان لە پانزە ساڵی ڕابردوودا بەناوی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان توانیوویە دەورێکی کاریگەر بگێری بۆ بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و بیر لە کوردستانی بوون کردنەوە. دەتوانم بڵێم پارتی ئازادی کوردستان پێشەنگی لاوانی ناسیۆنالیستی کوردە لەو بەشە داگیرکراوەی کوردستان.
پ4لە بەر نەبوونی دەوڵەت مرۆڤی کورد تایبەتمەندی مرۆڤی لێسەندراوەتەوە لە لایەن کۆمەڵگەکانی ترەوە، چۆتە خانەی مرۆڤە سەرەتایی و بی وڵاتەکان ناتەواویان هەیە و لە مرۆڤی کۆنەوە نزیکن چۆن ئەو حاڵەتانە بگۆڕین، تا لە حاڵەتی کۆن دەرچین و ببین بە مرۆڤی ئاسایی و شارستانی؟
سەرەرای نەبوونی دەوڵەتی کوردی و وێرای داگیرکراوی نیشتمانەکەی و زەوتکردنی مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی مرۆڤی کورد لە ڕیزی نەتەوە بە ئاکارو ڕەوشت بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دایە، ئەوەی کە پێناسەی نەتەوەی کورد بە نەتەوەیەکی سەرەتایی و مرۆڤی کۆن دەداتە قەڵەم، دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی نەتەوەی کورد، من بە پێچەوانەی ئەو بۆ چوونەی دەبینم ئەوە داگیرکەرانی کوردستان و چەوسێنەرانی نەتەوەی کوردن کە نیاندەرتاڵانەو دڕندانە لەگەڵ کورد هەڵسوکەوت دەکەن.
نەتەوەی کورد یەکەمین ژیاری و شارستانی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتدا دروستکردووە
چۆن پێی دەوترێ مرۆڤی سەرەتایی و نیاندەرتاڵ؟هۆکاری گەشەنەکردنی کۆمەڵگەی کوردی چ لە بواری کلتوری، ئابووری پێشگرتنە لە بەدەوڵەت نەبوونی کورد، گەشەکردنی ئابووری و تەکنەلۆژیا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە هەیە، لە لایەن داگیرکەران

و پاڵپشتەکانیانەوە هەردەم پێشی پێگیراوە. بە سەرنجدان بە بارو دۆخی ئێستای باشووری کوردستان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤی کورد دەسەڵاتی سیاسی خۆی هەبێ دابونەریت و کەلتووری بەرزی مرۆڤ دۆستانەی دەبێت، کەواتە دەوڵەتی کوردی تەنیا وەڵامە بۆ گۆرینی ئەو حاڵەتە.

نەبوونی دەوڵەتی کوردی یان قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد کێشەو کرفتی نەتەوەیی زۆری بۆ کورد دروست کردووە، دەکرێ پارتی ئازادی کوردستان ببێتە پێشەنگی پارتە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی؟

لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد هۆکاری گەشەنەکردنی ئابووری کوردستان و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و نەبوونی دەوڵەتی کوردیە، واقیعی کوردستان ئەوەیە کە دەبینین نیشتمانێکی داگیرکراو دابەشکراو نەتەوەیەکی لەیەك دابراو و چەوساوە بەڵام ئەمە حەقیقەتی ئێمە نییە کوردستان یەك وڵاتەو کوردیش یەك نەتەوەیە، بۆ گەرانەوەی حەقیقەت دەبێت ئەم واقیعە بگۆرین، پارتی ئازادی کوردستان بۆ ئەوە خەبات دەکات لە ساڵی 1991 زاینیەوە بەرامبەر بە سالی 2691 کوردی تاکو کۆنگرەی یەکەم بە ناوی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستانەوە ئێستاش بەناوی پارتی ئازادی کوردستان درێژەدەری خەباتی رابردووی نەتەوەکەمانین بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و خۆمان بە میراتگری رۆحی و هەڵگری پەیامی رێبەرانی شەهیدی نەتەوەکەمان دەزانین و تێدەکۆشین، هەوڵدەدەین ببینە مەکۆی تێکۆشەرانی نەتەوەیی و رێکخەری هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بۆ رزگارکردنی لە کۆلۆنیالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. لە رووی نەزەری بەرنامەییەوە خەڵکانی شارەزا بە پێشەنگ دادەنین و لە رووی واقیعشەوە دەمێنێتەوە سەر چالاکی خۆمان لە نێو کۆمەڵگەدا.

پ5 لە دوای رووخانی دەوڵەتی مادەوە دەرونی کورد تووشی شکست هاتووە، ئەوە بۆتە هۆکاری زۆر گرێ کوێرەی دەرونی و مێژوویی، کورد نەبۆتە خاوەن کەسیەتی خۆی ئەو حیزب رێکخراوانەشی کە هەن تەنها باس لە مافە کلتووری و سەرەتایەکان دەکەن.

راستە هەر نەتەوەیەك کە لە دەسەڵاتدا دا دەروخێ بۆ بێ دەسەڵاتی تووشی زۆر گیرو گرفتی دەروونی دەبێت رووخانی ئیمپراتوریەتی ماد کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ 800 ساڵ بەر لە زاین، کوردی تووشی کێشە کرد. ئەگەر چی کورد دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ماد نەیتوانی وەها ئیمپراتۆریەتێك پێکەوە بنێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ دەسەڵاتێکیش نەیتوانی لە جوگرافیاکەی خۆیدا بیتوێنێتەوە، دەبینین بە درێژایی مێژوو لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا هەر نیشتەجێ بوون و زۆرجاریش دەسەڵاتیان لە چەند شوێنی جیاجیا بەدەستەوە گرتووە، لە مێژووی تازەشدا بەڵگە نامە مێژوویەکان شاهیدی دەسەڵاتداریتی میرە کوردەکان دەدەن و داگیرکەرانی عوسمانی و سەفەویش هیچ کاتێ نەیان توانیووە کورد دەستەمۆ بکەن و راپەرینە یەك لەدوای یەکەکانی نەتەوەی کورد، ئەوە دەسەلمێنن کە هەردەم شۆرشی کورد بۆ گەرانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربەخۆیی کوردستان بووە، گەلێ هۆکاری وورد و درشت هەن رێگربوون لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لێرەدا تەنها ئاماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی دەکەم

1/گرنگی شوێن و سروشتی و جوگرافیایی کوردستان

2/سیستەمی سیاسی جیهان و نەبوونی دۆستی ستراتیژی

3/نەقۆزتنەوەی هەندێك هەلی رەخساو

پ6 بوونی رێژەیەکی زۆر لە حیزب و رێکخراوی چەپ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و خۆبەستنەوە بە چەپی فارس، وای کردووە هەستی نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کاڵ ببێتەوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

هاوکات لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهاندا و دابەشکردنەوەی کوردستان بە پێی پەیمان نامەی لۆزان ڕژێمی ئیزاری روسیە رووخاو یەکێتی سۆڤیەت دامەزرا، بە لەدایك بوونی سۆڤیەت ئایدۆلۆژیایی مارکسیزم و لینینیزم لە کوردستان پەرەی سەند و بۆ دەیان ساڵ بوو بە ئایدیۆلۆژیایەکی کاریگەرو شوێندانەر لەسەر بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی، بە چەشنێك کە لەو دوو نمونەدا باسی دەکەم یەکەمیان ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی1946 بە رابەری پێشەوا قازی محەمەد و ئەوی تریان شۆرشی ئەیلول بەرابەرایەتی رابەری نەمر بارزانی کە هەردووکیان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان سەروەریی نەتەوەیی بوو دەنا ئایدۆلۆژیایی مارکسیزم و لینینیزم بە چەشنێك کاریگەری هەبوو کە باسکردن لە لە مافە نەتەوەییەکان بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی ناوزەد دەکرا، بە خۆشیەوە ئێستا ئەوە نەماوە نەسلی کورد بە شانازییەوە باسی مافە نەتەوەییەکانی دەکات. پارتی ئازادی کوردستانیش هەڵقولاوی ناخی ناسیۆنالیزمی کوردەو پێشەنگ و رەچکە شکێنی ئەو ڕێگایەیە و پەرەیەکی باشی سەندووەو ئیتر باوی ئێرانچیەتی و نەماوەو ئەزموون ئەوەی سەلماندووە کورد و فارس ناتوانن پێکەوە بژین، رەنگە بتوانین دراوسێیەکی باش بین، پارتی ئازادی کوردستان خەبات دەکات بۆ دامەزلراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بیری بێگانە بە کێشەی کورد سواوە لە رووی زهنییەوە

پ7* نەبوونی سەرکردەیەکی رۆحی لە کوردستان و یان نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو شۆرشەکانی کوردی تووشی پەرتەوازەیی کردووە هۆکاری پێکنەهاتنی بەرەیەکی تۆکمەی کوردستانی چۆن لێك دەدەنەوە؟

پارتی ئازادی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بانگەوازی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کردووە واتە لە ساڵی 1991 وە ئێمە هەستمان بەو زەرورەتە کردووە.

بەرەی کوردستانی دەتوانێ وەڵام دەرەوەی هەلومەرجی رەخساوبێ بەرێز حسێنی یەزدان پەنا جێگری پارتی ئازادی کوردستان لە سیستەمی نوێی پاك داو سکرتێری گشتی لە سیستەمی پێشووی ڕێکخراوەکەماندا چەندین جار بەنامەی فەرمی دەعوەتی لایەنە سیاسەیەکانی کردووە بۆ باس لەسەر ئەو زەرووروتە.

نەبوونی سەرکردەیەکی روحی بەو شێوەییەی ئێوە دەفەرموون هۆکاری سیاسی و مێژوویی خۆی هەیە، سەرکردەی وەها دەبێت هەڵکەوت بێت بە هەڵبژاردن نابێت، دیارە ئەگەر سەرکردەیەکی کاریزماتیك و هەمووانی هەبوایە، مەسەلەکان جۆرێکی تر دەبوون ئێمە دەبێ سیاسەت لەسەر واقیع بکەین بێگومان حیزبێك ناتوانێ بە تەنیا ڕێکخەری هەموو کورد بێت، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیمایەکی فرە حیزبی هەیە.

پ8 لە نێو حیزبێکی نەتەوەیی وەك پارتی ئازادی کوردستان رۆڵی ژن لەکوێیە و چۆنە
زۆربەی هێزو ڕێکخراوە چەپەکان، حیزبە نەتەوەیی و ناسۆنالیستەکان بە دواکەوتوو بباو سالار ناوزەند دەکەن ئێوە راتان چییە؟

نەتەوەی کورد ئەگەرچی لە مێژساڵە دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە دەستداوە بەڵام نەرێتی بەرزی نەتەوەیی وای لە تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان کردووە، کە رێز لە یەکسانی ژن وپیاو بگرێت ئەگەر نەرێتی پەست و چەپەڵی داگیرکەرانی کوردستان نەبوایە بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە کۆمەلگەی کوردەواری مرۆڤ سالاری رابەرایەتی دەکرد، ئەو رێزەی کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بۆ خۆی دروستکردووە وئەو رێزەی کە پیاوانی کورد لە ژنانی کوردی دەگرن بەبێ هیچ شك و گومانێك لە نێو نەتەوەکانی دراوسێدا بەدی ناکرێت، هەربۆیەش ئەم نەریتە بەرزانەی نەتەوەکەمان لە ناوپارتی ئازادی کوردستاندا رەگی داکوتاوەو جێپەنجەی ژنانی تێکۆشەری ناو رێزەکانی پاك دیارەو هەر لە

سەرەتای دامەزراندمانەوە تاکو ئێستا بەردەوام ژنان بەشدارن لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئازادی کوردستان.
ئەو حیزب و لایەنەی کە لە نیشتمانێکی داگیرکراودا خەبات دەکات ئەگەر ناسیۆنالیست نەبن دواکەوتوون، هەر مرۆڤێك نەتەوەی خۆی بە کەمتر بزانێت لە نەتەوەیەکی تر دواکەوتووەو دوارۆژێکی گەش و باشی نابێت ناسیۆنالیزم ئەوپەری پێشکەوتنە.
تەنیا ناسیۆنالیزمی کورد دەتوانێ بۆ یەکسانی ژن و پیاوی کورد تێبکۆشێ نەك ئەوانەی خۆیان بە نەتەوەی سەردەست و چەوسێنەر هەڵواسیووە.
پ9 چەندین هێزی سیاسی کورد کە قەوارەیەکی گەورەیان هەبوو لەبەر هەڵگرتنی دروشمی
چەپ و هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەکردنی گەلانی ترك عەرەب و فارس پوکانەوە، ئێوە چۆن لە چەپی فارس دەروانن؟
کێشەی کورد کێشەی چەپ و راست نییە کێشەی کورد نەتەوایەتییە کورد وڵاتی دزراوەو داگیرکراوە و دەسەڵاتی سیاسی لێسەندراوەتەوە، خەبات بۆ سەربەخۆیی وپێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە و ئایدیۆلۆژیا ناناسی
چەپ و راستی عەرەب و ترك و فارس لە پێوەندی کێشەی کوردا خاوەنی یەك بیرن، کورد دەبێ ماڵی خۆی چاك بکات، داگیرکەرانی وڵاتی ئێمە جینۆسایدکەران و کیمیا باران کەران و ئەنفالچی و بکوژانی نەتەوەی ئێمە بکوژانی کورد، دەوڵەتانی فارس ترك و عەرەبن چۆن ئێمە دەتوانین باس لە دیموکراتیزەکردنی ئەوان بکەین بە جێگای خۆ خەریك کردن بە دیموکراتیزەکردنی ئەوان، دەبێ کاربکەین بۆ وەدەرنانیان لە نیشتمانەکەمان و کورتکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیان لە کوردستان.
پ10*ئەو تایبەتمەندیانە چین کە کەسێکی نەتەوەیی پابەندە پێیانەوە؟
 نەتەوەی کورد خاوەن زمان و کلتوورو هونەرو دابەنەریتی سەربەخۆیە، مرۆڤی کورد دەبێ بە شانازییەوە پابەند بێ بەو تایبەتمەندییە، بە پێی سروشتیش هەرنەتەوەیەك جوگرافییای خۆی هەیە، راستە کوردستان دەسەڵاتی سیاسی خۆی لێسەندراوەتەوە، داگیرکراوە بەڵام ئەم نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەم جوگرافیایەدا ژیاوە.
کورد بۆ رزگاری لەکۆلۆنیالیزم و سیاسەتی سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی زیاتر لە هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لابردنی ستەمی میلی و ئازادی خەباتی کردووە وە ئەم تایبەتمەندیانە تاکەکانی نەتەوەی لەدەوری یەك کۆکردۆتەوەوقوربانیان بۆ داوە

پ 11 بەهۆی لە دەستدانی ژیاری ماد و تێکەڵاو بوونی شارستانییەتی ئیسلام وکلتووری
ئیسلام بەکورد، کورد شارستانیەت و کەسایەتی نەتەوەیی و ئاینی خۆی لە کیس دا ئەمە وای کرد کورد نەتوانێ بەدرێژایی مێژووکەسایەتی خۆی بیناتکاتەوە ئەمە تا چەند دروستە؟
بە پێی ئەو بەڵگەنامە مێژوویانەی کە لەسەر مادەکان هەیە باس لە پلۆرالیزمی ئاینی دەکات، واتە ئەوسەردەمەش ئازادی دینی و مەزهەبی لە ناوماندا هەبووە.
جا ئەو میراسە بەنرخەی باپیرانمان بە ئێستای ئێمە براوە، راستە ئاینی ئیسلام بووە ئاینی زۆر نەتەوەی تری رۆژهەڵات یەك لەوانە کورد، بەڵام جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئەوانی تر ئەوەیە کە کورد پلۆرالیزمی ئاینی ناو کۆمەڵگەدا لە دەست نەداو لە ناوکوردا تا ئێستاش چەندین ئاین مەزهەبی جۆراو جۆر هەیە کە هەر هەموویان جا چ کەمینە بن یان زۆرینە جێی رێزن و خەڵکان بە چاوی رێزەوە سەیریان دەکەن، ئەوەی راستی بێت هەرکات دەسەڵاتی داگیرکەران لە پەرەسەندندا بووە ئەو رێزە کەم رەنگتر بۆتەوە

ئەگەر کورد خاوەنی کیانی سیاسی خۆی بێت، دەوڵەتی هەبێت بێ هیچ شك و گومانێك
هەموو ئاین مەزهەبە جۆراوجۆرەکان لە سایيەی دا دەحەسێنەوە، کێشەی کورد، کێشەی دین و مەزهەب
نییە کێشەی نەبوونی دەوڵەتی کوردییە